# ژنێك دۆستی تاریکی یه !

## پێشکه شه, به و ژنه کوێره هه‌ڵبجه‌ییه‌ی له تاریکی داده‌بینێ و

## بیری ئه‌وشتانه‌ش ده‌کات که له‌رووناکی لێی به‌جێمان

جه‌لال به‌رزنجی

**فرۆکه‌کان ,**

(با)ی هه‌ڵه بجه  یان برد

نێرگزه کانی به‌ر باخه‌ڵی (عومه‌ری خاوه‌ر)

پێش  جه سته‌ی کیمیا یان به‌ر که‌وتو وکه‌وتنه خواره‌وه

بوونه  مردنێکی  جمك

فرۆ که‌کان,

ئاوی  کوپه‌کانیان  رشت

ئه و ئازادییه‌ی ئه‌م به‌یانیه به سه‌فه‌ر هاتبووه

ئه‌م ناوه کۆشتیان

ئه‌و سرووه‌ی بۆنی گوڵه‌کانی ده‌گوازته‌وه

به شاره‌زوور نه‌که‌وته‌وه

ئه‌و خاکه‌ی نه‌خۆشیان کرد ,

تائێستا له ناو جێگا دا یه

له هه‌شتاو هه‌شته‌وه ,

مامۆستاکانی هه‌ڵه بجه ناوێرن وانه‌کانیان

درێژ که‌نه‌وه

خوێند کاره‌کانی هه‌ڵه بجه

وه‌کو جاران جانتا کانیان

له حه‌وشه‌را فرێ نادەن و ناچنه گه‌مان

ئەو  ژنە هەشتاو هەشت کوێر بووە
تا ئیستاش تە شیە کەی نەدۆزیوە تەوە
جارێکی  تریش  بزنەکەی ,
نەدۆشیتەوە
ئەو کەلەشێرەی کیمیا لێ ی دا
بە سەر قاچ نەکەوتەوە

جارێکی تر ,
نەیتوا نی تەڕ پیازەکانی ئاو داتەوە
ئەو ژنە حەڤدە ساڵە
نازا نێ رۆژێ چەند مووی لە سەری سپی دە بن
نازا نێ سەر بە چ سەرینێك دەکات
رەنگی ملوانکەی کچەکەی نابینێ
نازانێ کەی خۆر بەلای پەنجەرەی ژوورە
بچووکەکەیدا تێد ە پەڕێ
حە ڤدە ساڵە ئەم ژنە ,
دۆستی هەمیشەیی تاریکیەو
تەنیا رەنگی رە شی کرا سە کەی دە بینێ